
نووسەر و ڕۆشنبیری کورد کەمال غەمبار کۆچی دوایی کرد



نووسەر و ڕۆشنبیر د. کەمال غەمبار لە تەمەنی 87 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

کەمال غەمبار، کەسایەتییەکی دیاری ڕۆشنبیری و نووسەرێکی گرنگی ئەدەبی کورد بوو، هەروەها پەروەردەکار و وەرگێڕ و ڕۆژنامەگەرێکی ئەدەبی ناودار، لە ساڵی 1937 لە شاری کۆیە لە بنەماڵەیەکی پارێزگای هەولێر لەدایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووە و پاشان بەشی زمانی عەرەبیی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە.

دەیان ساڵ لە باشووری عێراق و پاشان لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەییەکانی هەولێر و پەیمانگەی مامۆستایان، مامۆستا بووە و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی بووە، یەکەم نووسینی لە ساڵی 1950 لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاو کردووەتەوە.

دواجار نەخۆشی کانوونی یەکەمی 2024، لە شاری هەولێر لەتەمەنی 87 ساڵیدا گیانی لەدەستدا.